حكومەتی هەرێمی کوردستان - عێراق
وەزارەتی پەروەردە
بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی پرۆگرام و چاپەمەنییەکان

# پەروەردەی ئیسلامی

## قۆناغی بنەڕەتی

## پۆلی پێنجەم

**ئامادەکردنی**

عبدالله عبدالرحمن بابان　　واحد حمه صالح　　ئازاد عمر سيد أحمد

**وەرگێڕانی لە زمانی عەرەبییەوە**

صادق عثمان عارف

**پێداچوونەوەی زانستی**

د. بشير خليل توفيق　　ابوبكر على كارواني

**پێداچوونەوەی زمانەوانی**

صادق احمد عثمان

**سەرپەرشتی زانستی چاپ:** كريم حسن علي

**سەرپەرشتی هونەری چاپ:** خالد سليم محمود

**نەخشەسازی ناوەوە:** يوسف احمد اسماعيل

**نەخشەسازی بەرگ:** ڕەوەند سعيد صابر

**تایپ:** ڕێڤین راغب حسين

**فۆتۆ:** شێرزاد رسول فقي

**جێبەجێكردنی بژاری هونەری :** نێرگز نورالدين كاكە مصطفى

چاپی حەوتەم

١٤٤٣ كۆچی - ٢٠٢٢ زایینی - ٢٧٢٢ كوردی

## بەناوی خودای بەخشندەی میهرەبان

### پێشەکی:

پەروەردەکارانی بەڕێز، ئەم کتێبە هەنگاوێکی تری گۆڕینی کتێبەکانی بابەتی پەروەردەی ئیسلامییە، بەپێی ئەو پلانەی وەزارەتی پەروەردە بۆ گۆڕین و پێشخستنی پرۆگرامی ئەم بابەتە دایناوە و گرنگییەکی زۆری هەیە لە دروستکردنی کەسایەتی تاك بە شێوەیەکی زانستی و ڕەنگڕێژکردنی بەشێوەیەکی پەروەردەیی، بەمەبەستی دەوڵەمەندکردنی کۆمەڵگە بە تاکی بەسود، بۆ ئەوەی بەشداری بکەن لە بنیاتنانی و بە هێزکردنی بناغەکەی، بۆ دابینکردنی دوا ڕۆژێکی پرشنگدار.

وەك لە کتێبی پۆلەکانی پێشوتردا ئاماژەمان پێکرد، گۆڕانکارییەکی بەرچاو هەیە، لە خستنە ڕوی بابەتەکان بە بەراورد لەگەڵ کتێبەکانی پێشوتردا، چ لە ناوەڕۆك و چ لە ئامانج و ڕاهێنانەکاندا، پەروەردەکارانی بەڕێز بۆیان هەیە، لە شیکردنەوەی بابەتەکاندا زانیاریی زیاتر ببەخشن بە قوتابییان و خوێندکاران و مەرج نییە تەنها پابەندی وانەکانی کتێبەکە بن، چونکە دابەشکردنی کتێبەکان بۆ ئەو وانە و وەرزانە بە مەبەستی ڕێکخستنی کتێبەکەیە، بۆیان هەیە مەودای سود وەرگرتن لە بابەتەکان فراوانتر بکەن.

هیواداریین پەروەردەکارانی هاوکارمان هەر تێبینییەك و سەرنجێکیان هەبێت، لە کاتی جێبەجێکردنی کارەکانیان بەشێوازی پراکتیکی ئەم پرۆگرامە و بەمەبەستی دەوڵەمەند کردنی بۆمان ڕەوانە بکەن، بۆ ئەوەی لە چاپەکانی داهاتوودا سودیان لێ وەربگرین، چونکە گومانی تێدا نییە هەر کارێك و پرۆسەیەك بێ کەموکوڕی نابێت.

**خودا پەناگەی سەرکەوتنە...**

**لیژنەی ئامادەکار**

وَقُل رَّبِّ زِدْنِي عِلْمًا

# وەرزی یەکەم


الله

## وانەی یەکەم

## هەندێك لە ناوە پیرۆزەکانی خودای گەورە




( **المهیمن** ، **العزیز** ، **الجبار** ، **المتكبر** ، **الباریء** )

هەر یەك لەم ناوانە واتا و چەمكی خۆی هەیە و هەموشیان پیرۆز و جوانن.

المهیـمن: بەتوانایە و تەواوی دەسەڵاتی بەسەر گشت دروستکراوەکانیدا هەیە.

العزیز: بەتوانا و دەسەڵاتدارە، هەمو بونەوەرەکان پێویستیان پێیەتی.

الجبـار: ویستی خۆی بەسەر هەمو بونەوەراندا جێبەجێدەکات.

المتـكبر: گەورەیە و خۆی بە گەورە دەزانێت.

الباریء: دروستکەری بونەوەرە بەبێ وێنەی پێشوەخت.

# وانەی دووەم

## پشت بەستن بەخودا



یەکێك لە هاوەڵانی پێغەمبەر چووە ناو مزگەوتی پێغەمبەر (د.خ) بینی منداڵێکی تەمەن خوار دە (١٠) ساڵان بە ملکەچییەوە نوێژی دەکرد، ئەویش لە دوای نوێژی سوننەتی چونە مزگەوت لە منداڵەکە چووە پێش و سڵاوی لێکرد و لێی پرسی: تۆ کێیت؟ کوڕی خۆم: منداڵەکە کەمێك ڕاماو گوتی: مامە گیان، من منداڵێکی بێ دایبابم. هاوەڵەکە زۆر دڵی پێ سووتاو گوتی: ( باشە ڕازی دەبی ببیتە کوڕی من ؟ ). لێرەدا منداڵەکە ژیرانە ئەم چەند پرسیارەی لێکرد: مامە گیان، ئەگەر برسی بووم خواردنم دەدەیتێ ؟ گوتی: بەڵێ. ئەی ئەگەر پۆشاکم پێویست بوو بەرگم بۆ دەکڕی؟ گوتی: بەڵێ. منداڵەکە دیسان پرسی: ئەی ئەگەر نەخۆش بووم چارەسەرم بۆ دەستەبەر دەکەیت ؟ هاوەڵەکە گوتی: ئەوەیان بە دەست من نییە. ئەویش پرسی: ئەی پاش مردن دەتوانیت زیندوم کەیتەوە ؟ هاوەڵ: ئەویش تەنها بە دەست خودایە. ئەوجا منداڵەکە گوتی: کەواتە مامی بەڕێزم، لێم گەڕێ با تەنها پشت بە خودای میهرەبان

ببەستم کە خولقاندومی ڕێنماییم دەکات، ڕۆزیم دەداتێ و تێرم دەکات، لە ناساغیشدا چارەسەر هەر لای خۆیەتی و هۆکاری چاکبوونەوەی بۆ بەدیهێناوین. پاشان مردن و زیندوکردنەوەش تەنها بە دەست ئەوە و هەر ئەویشە لە تاوان و هەڵەکانمان دەبورێت. لێرەدا هاوەڵەکە نزای بۆ ئەو منداڵە ژیرە کرد و سوپاسی خودای کرد لەسەر باوەڕە پتەوەکەی و گوتی ڕاستە، هەر کەس بەڕاستی و دڵنیاییەوە پشت بە خودا ببەستێ، تەنها ئەوی بەسە.

## دەرئەنجام

لەم چیرۆکە دەگەینە ئەو دەرئەنجامەی، کە مرۆڤ هەردەم دەبێت پشت بە خودا ببەستێت، چونکە هەر ئەو بە تاك و تەنها چاودێری مرۆڤ دەکات، هەرچی بیەوێت دەبێت لەوی داوا بکات، وەك لە قورئاندا هاتووە: ( وَمَن يَتَوَكَّلْ عَلَى ٱللَّهِ فَهُوَ حَسْبُهُۥٓ ) (الطلاق٣).

## گفتوگۆ

**قوتابی خۆشەویست بەهاوکاری مامۆستا ئەم ڕستە و ئایەتانەی خوارەوە لێکبدەوە:**

١- خودای گەورە دەفەرموێت: ( ٱللَّهُ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَۚ وَعَلَى ٱللَّهِ فَلْيَتَوَكَّلِ ٱلْمُؤْمِنُونَ ) (التغابن١٣).

٢- « خودا بەتەنیا بەسە بۆ ئەوانەی پشتی پێدەبەستن» ڕونی بکەوە.

٣- پەند لەو چیرۆکەی سەرەوە چییە؟ ڕونی بکەوە.

٤- تۆش بەسەرهاتێك بگێڕەوە پشت بە خودا بەستنی تێدا بەرجەستە بووبێت.

## چالاکی

ئەم دو ئایەتەی سورەتی جیابوونەوە (تەڵاق) لەبەربکە، خودا دەفەرموێت:

( وَمَن يَتَّقِ ٱللَّهَ يَجۡعَل لَّهُۥ مَخۡرَجاً (٢) وَيَرۡزُقۡهُ مِنۡ حَيۡثُ لَا يَحۡتَسِبُۚ وَمَن يَتَوَكَّلۡ
عَلَى ٱللَّهِ فَهُوَ حَسۡبُهُۥٓۚ إِنَّ ٱللَّهَ بَٰلِغُ أَمۡرِهِۦۚ قَدۡ جَعَلَ ٱللَّهُ لِكُلِّ شَيۡءٖ قَدۡراً (٣) ) ( الطلاق٢-٣)



# وانەی سێیەم

## سورەتی ئەلمەسەد (المَسد)

بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

تَبَّتۡ يَدَآ أَبِي لَهَبٖ وَتَبَّ (١) مَآ أَغۡنَىٰ عَنۡهُ مَالُهُۥ وَمَا كَسَبَ (٢)

سَيَصۡلَىٰ نَارٗا ذَاتَ لَهَبٖ (٣) وَٱمۡرَأَتُهُۥ حَمَّالَةَ ٱلۡحَطَبِ (٤)

فِي جِيدِهَا حَبۡلٞ مِّن مَّسَدِۭ (٥)

### ڕاڤە

(( تَبَّتۡ يَدَآ أَبِي لَهَبٖ وَتَبَّ )) ئەبو لەهەب هەردو دەستی بە بڕین بچێت و ڕیسوابێت.

(( مَآ أَغۡنَىٰ عَنۡهُ مَالُهُۥ وَمَا كَسَبَ )) نە سامانی و نە ئەوەی پەیدایکردووە فریای نەکەوت.

(( سَيَصۡلَىٰ نَارٗا ذَاتَ لَهَبٖ)) لە ئایندەدا ئاگری بە گڕ ئەیسوتێنێت.

((وَٱمۡرَأَتُهُۥ حَمَّالَةَ ٱلۡحَطَبِ )) هەروەها ژنەکەشی کە دار بە کۆڵ دێنێ.

(( فِي جِيدِهَا حَبۡلٞ مِّن مَّسَدِۭ )) گوریسێکی چنراو لە پوشی خورمای لە ملدایە.

## چیرۆکی هاتنە خوارەوەی سورەتەکە

سەعیدی کوڕی جوبەیر لە ئیبن عەباس دەگێڕێتەوە، کاتێك خودای گەورە ئەم ئایەتەی ناردە خوارەوە: ( وَأَنذِرۡ عَشِيرَتَكَ ٱلۡأَقۡرَبِينَ ) پێغەمبەر (د.خ) هاتە (سەفا) بانگی ڕاهێشت، خەڵکی لێی کۆبوونەوە، ئەویش فەرمووی: ئەی بەنی عەبدولموتەلیب ئەی بەنی (**فیهر**) ئەی بەنی (**لوئەی**) ئەگەر پێتان ڕابگەیێنم کە لەشکرێك لە پشت ئەم چیایە هەیە و دەیەوێت هێرش بکاتە سەرتان باوەڕم پێدەکەن؟ گوتیان: بەڵێ. ئەویش فەرمووی: من ئاگادارکەرەوەم بۆ ئێوە و سزایەکی توند چاوەڕوانتانە گەر باوەڕ نەهێنن، ئەبو لەهەبی مامی گوتی: نەفرەتت لێ بێت تا کۆتایی ئەمڕۆ، ئەمە چییە ئێمەت بۆ بانگ کردووە. بۆیە خودای گەورە ئەم سورەتەی هێنایە خوارەوە.

**گفتوگۆ**

١ – ئەبو لەهەب کێیە ؟

٢ – (حمالة الحطب) کێیە ؟

# وانەی چوارەم

## چەند نمونەیەك لە كاری بەسود و باش

### ١/ هاندان بۆ فێربوون



بەهمەن و سیروان سەبارەت گرینگیدانی ئایینی ئیسلام بە فێربوون و هاندانی موسڵمانان بۆ ئەو كارە بەسودە پێكەوە گفتوگۆیان دەكرد. بەهمەن بە سیروانی گوت: هاوڕێی خۆشەویستم بۆ ئەوەی دوا نەكەوین لە وانەكانمان، با زوو بچین بۆ قوتابخانە، بەڕاستی زانیاری باش فێربووین، پێویستە بەردەوام بین سیروان گوتی: تۆ پێت وایە بە درێژەدان بە خوێندن ئامانجێك بە دەست دێنین؟ بەهمەن: بەڵێ، چونكە هەر زانستە پلەی مرۆڤ و ناوبانگی بەرزدەكاتەوە، ئەوەتا بەرهەمەكانی زانست و خوێندن هەمو بوارێكی ژیانی گرتۆتەوە، وەك وزەی كارەبا، كە بۆ ڕوناكی و گەرمكردن و فێنككردنەوە بەكاردێت. هەروەها ئامێری تەلەفزیۆن و كۆمپیتەر و سودەكانیان، ئۆتۆمبیل و فرۆكە بۆ گواستنەوە. لەلایەكی ترەوە زانستی پزیشكی بۆ تەندروستی و چارەسەری نەخۆشی.

ئەمانە و گەلێ شتی دیكە، هەموی بەرهەمی خوێندن و قوتابخانەن و زانستن.

سیروان گوتی: هاوڕێم، كەواتە تۆ ڕاست دەكەیت پێویستە خۆماندو بكەین بەدوای زانستدا

بگەڕێین، تا لە ژیاندایین بەڵێن بێت لە قوتابخانە دوا نەکەوم، هەرچیم نەزانی پرسیار بکەم، لە خوێندن کۆڵنەدەم، تا پێکەوە لە دوا ڕۆژ خزمەتی خاك و نەتەوەکەمان بکەین.

بەهمەن گوتی: من لە قورئانی پیرۆزدا ئایەتێکم دیاریکردوە مرۆڤەکان هاندەدا بە دوای زانستدا بگەڕێن ئەگەر لە ئاسمانیشدا بێت، وەك دەفەرموێت: ( يَـٰمَعۡشَرَ ٱلۡجِنِّ وَٱلۡإِنسِ إِنِ ٱسۡتَطَعۡتُمۡ أَن تَنفُذُواْ مِنۡ أَقۡطَارِ ٱلسَّمَـٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ فَٱنفُذُواْۚ لَا تَنفُذُونَ إِلَّا بِسُلۡطَـٰنٍ ) (الرحمن٣٣).

سیروان گوتی: لەبەر ڕۆشنایی و ڕێنمایی ئەم ئایەتەدایە مرۆڤ بە دوای نهێنی و شاراوەکانی زەوی و ئاسماندا دەگەڕێت. هاوڕێم، وانییە؟

بەهمەن: بەڵێ، وایە. هەر لە ڕێی زانستەوە مرۆڤ لەم سەردەمەدا توانی بگاتە بۆشایی ئاسمان و هەمو ئەمەمان بینیوە.

سیروان: ئەمەش بەڵگەیەکی بەهێزە لەسەر بەدەستهێنانی زانست.

بەهمەن: دەزانی، زانست سودی دیکەی زۆرە، وەك:

زانست فێرمان دەکات چۆن پەروەردگار بناسین.

هەر بە زانست و زانیاری هەمە جۆر لە گشت بوارەکانی ژیان فێر دەبین.

چەکێکە بەرامبەر نەزانی و دواکەوتویی.

بەهۆی زانستەوە دەگەینە داهێنان و ئاسۆیەکی ڕون بۆ ئایندەمان.

هۆی پێشکەوتنی گەلانە.

ئەو ڕوناکییەیە، کە نهێنییەکانی بونەوەر و ژیان ئاشکرا دەکات.



## گفتوگۆ

ئـ- بەهمەن چی بە هاوڕێکەی گوت، لەسەرەتای گفتوگۆکەدایە؟
ب- ئایا فێربوون و خوێندن پێویستە بۆ گشت کەسێك؟
پ- بۆ چ مەبەستێك مرۆڤ هزری خۆی دەخاتە کار و ماند و دەبێت؟

## ڕاهێنان (١)

**ئەم بۆشاییانەی خوارەوە بە وشەی مەبەست پڕبکەوە:**

مرۆڤ سود لە تەلەفزیۆن بۆ............. و..............دەبینێت، لە ئۆتۆمبێلیش بۆ............... و لە زانستی پزیشکی و دەرمان بۆ.................

## ڕاهێنان (٢)

| لە ستونی یەکەم و دووەمدا بڕگە گونجاوەکان بە یەك بگەیەنە: | |
|---|---|
| ئـ- مرۆڤی خوێندەوار | سەر لە نوێ ژیاوەتەوە. |
| ب- گەر مرۆڤ دوربێت لە خوێندن و فێربوون | خۆی کێشەکانی چارەسەردەکات. |
| پ- گەلی کورد | لە ڕەوتی شارستانیەت بەجێدەمێنێت. |

## ڕاهێنان (٣)

**مەشق بەخۆم دەکەم:**

ئـ- بە خەت و ڕێنوسی جوان ئەم فەرمودەیەی پێغەمبەر (د.خ) بنوسەوە:
«طلب العلم فريضة على كل مسلم و مسلمة»
ب- وێنەی کەوانی مانگ بکێشە.

## چالاکی

بەهمەن چۆن توانی بایەخی زانست لە کۆتایی گفتوگۆکەیاندا بۆ هاوڕێکەی شیبکاتەوە. بەکورتی باسبکە؟

# وانەی پێنجەم

## ٢/ کردەوەی چاکە و پاداشتی



مامۆستای پەروەردەی ئیسلامی بە قوتابییانی گوت: ئازیزانم: ئەمڕۆ سەبارەت بە کاری چاکە و کاریگەری لەسەر تاك و کۆمەڵ دەدوێین. بۆیە قوتابییەك پرسی: مامۆستا: واتای کردەوەی چاك چییە؟

مامۆستا: چاکە ئەوەیە مرۆڤی موسڵمان کاری سود بەخش و باش بکات کەڵکی ئەوەش بۆ خاوەنەکەی دەگەڕێتەوە، هەروەها وەڵامی خراپ بە چاك دانەوەش هەر چاکەیە و خودا فەرمانی پێکردوە.

قوتابییەکی دیکە پرسی: باشە، مامۆستا، سودی کاری چاکە چییە، چەند نمونەیەك بهێننەوە؟

مامۆستا گوتی: تاك و کۆمەڵ ئاسودە دەکات، خودا لە خاوەنی کردەوەی باش ڕازی دەبێت، وەك یارمەتیدانی یەکدی، سەردانی نەخۆش، هەرەوەزکردن، بەخشین، ڕوخۆشی، سادەیی، ڕێزی گەورەگرتن، زمانپاراستن لە باسی ئەم و ئەو، چاکەت بۆ هاوڕێیانت بوێت......... هتد.

قوتابی سێیەم: زۆر سوپاس، مامۆستا، بەڕاستی وتەکانت بەسود بوو. ئێمەش بەڵێن دەدەین، هاوکاری یەکتر بکەین و هیواداریین تۆش سەرکەوتو بیت.

## گفتوگۆ

لەگەڵ مامۆستادا ئەم ڕستانە شیبکەنەوە:

کەی پێمان دەڵێن مرۆڤی چاك ؟

ئەم ئایەتە شیبکەوە: ( وَتَعَاوَنُوا۟ عَلَى ٱلْبِرِّ وَٱلتَّقْوَىٰ ۖ وَلَا تَعَاوَنُوا۟ عَلَى ٱلْإِثْمِ وَٱلْعُدْوَٰنِ ۚ وَٱتَّقُوا۟ ٱللَّهَ ۖ إِنَّ ٱللَّهَ شَدِيدُ ٱلْعِقَابِ ) (المائدة٢).

ئەم ئایەتە لێکبدەوە: ( ٱدْفَعْ بِٱلَّتِى هِىَ أَحْسَنُ ٱلسَّيِّئَةَ ۚ ) (المؤمنون٩٦).

## چالاکی

ئەم فەرمودەیە لە بەر بکە:

( **الله فی عون العبد مادام العبد فی عون اخیه** )

# وانەی شەشەم

## ڕەوشتی پەسەند



لە کەسێکی دانا پرسیارکرا، سەبارەت بە ڕەوشتە پەسندەکان، ئەویش گوتی: ئەگەر مرۆڤێکی بەرێز بوو، ئازار بەخش نەبوو، چاکەخواز بوو، ڕاستگۆ و ڕەفتار باش بوو، سەرکێشی و هەڵەی کەمبوو، بە ئەمەك و ئارام و سوپاسگوزاری خودا و پەیوەست بوو بەکەس و کارەوە هەروەها بە قەناعەت و پشودرێژ و میهرەبان و داوێنپاك بوو، لێبوردە و بێکینە و بەخشندە و دەستکراوە بوو. مرۆڤێك بوو لەبەرخودا کەسێکی دەویست و هەر لەبەر خوداش پشتی لێ هەڵئەکرد، ئەوا ئەو مرۆڤە کەسێکی بە ڕەوشتە. ئێمەش زۆر بەوە ئاتاجین بە بیری خۆمان و یەکتری بهێنینەوە، کە ڕەوشتی بەرز پێگە و پایەی بڵندی لە ئایینەکەماندا هەیە، وا لە خوارەوە چەند فەرمودەیەکی سەروەرمان محمد (د.خ) دەربارەی ئەم بابەتە بە نمونە دەهێنینەوە:

**ئوسامەی کوڕی شورەیك دەڵێت:** لە خزمەت پێغەمبەر (د.خ) بووین، کەسمان ورتەی لێنەدەهات وەك باڵندە هێلانەی بەسەر سەرمانەوە کردبێت، چەند کەسێك هاتن بۆ لای و

پێیـان گـوت: ئـەی پێغەمبـەری خـودا، کام جـۆر لە بەنـدەکان لای خـودا خۆشەویسـتترە؟ **فەرمـوی**: ( خاوەنـی باشـترین ڕەوشـت ). لـە ڕیوایەتێکـی تـردا: پرسـیان ( باشـترین ئاکاری ئادەمیـزاد چییـە؟ ) فەرمـوی: ( ڕەوشـتی جـوان و پەسـەند ). هەروەها **فەرمویەتـی** (د.خ): **(إن الفُحشَ و التَّفحشَ ليسَا مِنَ الاسلامِ في شيء و إن احسنَ النَّاسِ اسلامًا احسنُهُمْ خُلقًا** ). واتـە: ( بـێ ئابڕویـی و جوێنبـازی لـە ئیسـلامدا جێـی نییـە، باشـترین نیشـانەی موسـڵمانێتیش ڕەوشـتی بـەرزی تاکەکانـە ). دیسـان پرسـیاری لێکـرا (د.خ): (بـاوەڕی کام لـە بـاوەڕداران تەواوترینیانـە؟ فەرمـوی ئـەوەی خاوەنـی بەرزترین ڕەوشـتە).

**دیسان لە ڕەوشتە بەرز و پەسندەکان:**

١ - دراوسێیەتی باش و خۆش مامەڵەکردن لەگەڵیان.

٢ - گوێڕایەڵی دایباب.

٣ - ڕێز لە گەورەگرتن و سۆز بەخشین بە بچوك.

٤ - یاریدەدانی کەسانی تر.

٥ - ڕوگەشی و وتەی چاك.

## گفتوگۆ

پابەنـد بوونـی مـرۆڤ بە ڕەوشـتی بـەرزەوە، دەبێتـە مایـەی ڕێزگرتن. ئەم دەسـتەواژەیە ڕونبکەوە.

## چالاکی

ئەم فەرمودەیە لەبەربکە: ( **انما بعثتُ لأُتمّم مكارم الاخلاق** ).

## وانەی حەوتەم

## ئاین واتە ئامۆژگاری و بەدەنگەوەچوون



موسـولْمانان لـە نێـو خۆیانـدا چەندیـن ئـەرك و مافیـان لەسـەر یەکتـرە، پێویسـتە پابەندبن پێیـان بـە پێـی توانا، موسـوڵمان بـە بـاوەڕداری تـەواو ناژمێردرێـت، تـا ئـەوەی بـۆ خـۆی پێـی خۆشـە، بـۆ برا موسڵمانەکەشـی پێـی خـۆش نەبێـت لـەو مافانـەی نێوانیـان (ئامـۆژگاری) یـە:

ئەنـەس (ڕەزای خـودای لـێ بـێ) لـە پێغەمبـەرەوە (د.خ) دەگێڕێتـەوە، کـە فەرمویەتـی: **(لایؤمِـنُ احدُکُم حتـی یُحـب لاخیـهِ مـا یُحـبُ لِـنَفسِه)** (متفـق علیـه).

مەرجـی بـاوەڕداری تـەواو بـۆ تاکـی موسـڵمان ئەوەیـە، بـۆ خـۆی چـی لاخـۆش و بـە کەڵکە لـە کاری چـاك و پەرسـتش و هـەر پێداویسـتیەك، بـە هەمـان ئەنـدازە شـاد ببێـت کاتێـك برایەکـی موسـڵمانی بەهـەر کام لـەو ئاواتانـە دەگات. کۆڵیـش نـەدات لـە ئامۆژگاریکـردن و بـە تەنگـەوە هاتنیـان.

قوتابییانی خۆشەویست، ئامۆژگاری، ڕێبازی پێغەمبەران (د.خ) بوە بۆ گەیاندنی پەیامەکانیان، ئەوە بو (**موسا، نوح و عیساش**) (د.خ) بە دڵسۆزی ئامۆژگاری کۆمەڵگاکانیان دەکرد و بەو شێوەیەش ئاینی خودایان دەگەیاند.

پێغەمبەریشمان (محەمەد) (د.خ) بۆ گەیاندنی پەیامی ئیسلام ڕێبازی ئامۆژگاری و ڕێنمایی پەیرەو دەکرد و بەڵێنی لە هاوەڵانی وەردەگرت، کە بۆ یەکتر دڵسۆزبن و بە تەنگ موسڵمانانەوە بن و هەردەم بە دەنگ یەکەوە بچن کۆڵنەدەن. (**جەریری کوڕی عەبدوڵلا**) (ڕ.خ) گوتی: بەڵێنم بە پێغەمبەر (د.خ) دابوو لەسەر ئەوەی نوێژ بکەم و زەکات بدەم، هەروەها بۆ گشت موسڵمانان دڵسۆزبم و لە ئامۆژگاریکردن دەست هەڵنەگرم. (کۆڕای لەسەرە). هەر لەبەر گرنگی بە تەنگەوەهاتنی یەکتر بوو کە فەرمان درا موسڵمانان لە یەکتر بە ئاگابن، ئامۆژگاریش بەرهەمی دڵسۆزییە و نیشانەی ئەوەیە تۆ خێر و خۆشیت دەوێت بۆ برا و خوشکە موسڵمانەکان.

- دڵشاد بە باوکی گوت: بەڵام هەندێك كەس لەم فەرمانە دوا دەكەون، تاوان دەبینن خۆ بێدەنگ دەكەن، بەو بیانووەی ئەمە ئەركی ئەوان نییە، لە بیری دەكەن كە ئامۆژگاریكردن بە دڵسۆزییەوە ئەركی موسڵمانانە لەنێو خۆیاندا و هەموان دەگرێتەوە.

باوکی گوتی: پێغەمبەر (د.خ) فەرمویەتی (**الدين النصيحة**. قلنا لمن؟ قال: **للهِ ولرسولهِ ولأئمةِ المسلمين وعامَتِهِم**) موسلیم گێڕاویەتەوە.

پێغەمبەر (د.خ) دەفەرموێت: ئاین ئامۆژگاری و ڕێنماییە بۆمان کە دڵسۆزی پێویستە بۆ موسڵمانان. وتمان بۆ کێ؟ فەرموی بۆ خودا، بۆ پێغەمبەری خودا، بۆ پێشەوایانی ئیسلام و گشت موسڵمانان.

بەڵام کەی و بۆچی و چۆن و بۆ کێ ئامۆژگاری بەکاردێنن؟ چونکە نابێت کەسی ئامۆژگاریکار بەشێوازی ڕەخنەو توندوتیژی مەبەست بگەیەنێ یان بۆ بەرامبەر مل بەڕاستی نەدات و نکوڵی لێبکات، یاخود کەسانێك هەبن پێویستیان بە هاوکاری و ئامۆژگاری هەبێ، بەڵام کەس نەبێ لێیان بپرسێتەوە. ئەمانە هەمو پێویستیان بە چارەسەرە.

## گفتوگۆ

– ڕاشکاوانە بڵێ، ئەگەر چویتە شوێنێکی گشتی، وەك بازاڕ بۆ نمونە، کاری هەڵە و ناڕەوات (ناشەرعی) بینی چی دەکەی؟

– ئەگەر بۆ کۆڕێك بانگهێشت کرای، باسی ئەم وئەوی تێدا دەکرا، هەڵوێستت چی دەبێت؟

## چالاکی

- هیچ ڕوداوێکت بەسەرهاتووە برادەرێکت، یان خزمێکت ئامۆژگاری کردبێت؟ بۆ مامۆستاکەت باسی بکە.



# وانەی هەشتەم

## ئادابی سڵاوکردن




لە هێما و ئاماژە گرنگەکانی ئیسلام. سڵاوکردنە لە یەکتری، چونکە بەهۆیەوە ئارامی و دڵنیایی لە نێوانیاندا بەرپادەبێت و دەرون پاکدەکاتەوە و کینە و تۆران نامێنێ. بۆیە موسڵمان بۆی نییە، پتر لە سێ رۆژ قسە لەگەڵ موسڵمان نەکات، لەکاتی تۆراندا، باشترین کەسیش لای خودا ئەوەیە کە دەستپێشخەری دەکات، لە سڵاوکردن و ئاشتبونەوەدا. خودای گەورە دەفەرموێت: ( وَإِذَا حُيِّيتُم بِتَحِيَّةٍ فَحَيُّوا بِأَحْسَنَ مِنْهَا أَوْ رُدُّوهَا ۗ إِنَّ اللَّهَ كَانَ عَلَىٰ كُلِّ شَيْءٍ حَسِيبًا ) (النساء ٨٦).

سڵاوکردن ئادابی تایبەتی هەیە، وەك پیادە سڵاو لە دانیشتو دەکات، سوار لە پیادە، کەم لە زۆر، یان تاك لە کۆ. سڵاوکردن شێوازی زۆرە بەڵام سڵاوی مرۆڤی موسڵمان بەم شێوەیە پەسەندترە:

( **سەلامی خودات لێ بێت**) وەڵامەکەشی (**سەلامی خودا لە تۆش بێت** ).

## گفتوگۆ

- مرۆڤ چ هەستێکی لا دروست دەبێت کاتێك کەسێك سڵاوی لێدەکات؟
- پاداشتی ئەو کەسە چییە، کە دەستپێشخەری لە سڵاوکردندا دەکات؟
- بەهاوکاری مامۆستا و قوتابییان شێوازەکانی (ئادابی) سڵاوکردن نمایش دەکەن.

## چالاکی

ئـەم فەرمودەیـە لەبـەر بکـە: ( **أَلا أدلّكُـم عَلَـى شـيءٍ ان فَعْلتُمـوهُ تَحَابَبْتُـم، أفشـوا السَّـلامَ بَيْنَكـم** ).



# وانەی نۆیەم

## سورەتی هومەزە( الهُمَزة )

بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

وَيۡلٞ لِّكُلِّ هُمَزَةٖ لُّمَزَةٍ (١) ٱلَّذِي جَمَعَ مَالٗا وَعَدَّدَهُۥ (٢)

يَحۡسَبُ أَنَّ مَالَهُۥٓ أَخۡلَدَهُۥ (٣) كَلَّاۖ لَيُنۢبَذَنَّ فِي ٱلۡحُطَمَةِ (٤) وَمَآ أَدۡرَىٰكَ مَا ٱلۡحُطَمَةُ (٥)

نَارُ ٱللَّهِ ٱلۡمُوقَدَةُ (٦) ٱلَّتِي تَطَّلِعُ عَلَى ٱلۡأَفۡـِٔدَةِ (٧) إِنَّهَا عَلَيۡهِم مُّؤۡصَدَةٞ (٨)

فِي عَمَدٖ مُّمَدَّدَةِۭ (٩)

### ڕاقە

(( وَيۡلٞ لِّكُلِّ هُمَزَةٖ لُّمَزَةٍ )) هاوار بۆ کەسێك تانە و تەشەر لە خەڵك دەدات.

(( ٱلَّذِي جَمَعَ مَالٗا وَعَدَّدَهُۥ )) ئەوەی ماڵی کۆکردەوە و هەردەم دەیژمێرێت.

(( يَحۡسَبُ أَنَّ مَالَهُۥٓ أَخۡلَدَهُۥ )) وا خەیاڵ دەکات سامانەکەی لە مردن دەیپارێزێ.

(( كَلَّاۖ لَيُنۢبَذَنَّ فِي ٱلۡحُطَمَةِ )) نەخێر، با وا خەیاڵ نەکا بێ گومان بەڕیسوایی فڕێ دەدرێتە ناو (حوتەمە)وە.

(( وَمَآ أَدۡرَىٰكَ مَا ٱلۡحُطَمَةُ )) کوا دەزانی نیاز لەو (حوتەمە) چییە؟

(( نَارُ ٱللَّهِ ٱلۡمُوقَدَةُ )) ئاگرێکە خودا هەڵیگیرساندوە.

(( ٱلَّتِي تَطَّلِعُ عَلَى ٱلۡأَفۡـِٔدَةِ )) بەسەر دڵاندا دێ.

(( إِنَّهَا عَلَيۡهِم مُّؤۡصَدَةٞ )) لەشوێنێکدایە لەسەریان داخراوە.

(( فِي عَمَدٖ مُّمَدَّدَةِۭ )) لە ئەستون گەرێکی ئاگرینی درێژکراوە دان.

## سود

ئەم سورەتە لە مەکە دوای سورەتی قیامە هاتۆتە خوارەوە، **نۆ** ئایەتەو ڕێزبەندیشی **سەدو چوارە**، بەووەش نزا لەو کەسانە دەکات کە تانە لە خەڵك دەدەن.

## گفتوگۆ

– ئەو وانانە چین کە لەم سورەتە بە دەست دێن.



# وەرزی دووەم

# ئاو لە زێڕ بە نرخترە



## وانەی دەیەم

# چەند دیمەنێك لە ژیانی پێغەمبەر (د.خ)

## میهرەبانی پێغەمبەر (د.خ) بەرامبەر منداڵان



دوای ئـەوەی باوکـی چیرۆکێکـی سـەبارەت بـە میهرەبانـی پێشـەوامان محەمـەد (د.خ) بـۆ شـیرینی کچـی گێڕایـەوە، ئەویـش لەگـەڵ شـاهۆی بـرای کردیانـە پەیقینێـك بـەم شـێوەیەی خـوارەوە:

شیرین: زۆر جار هـەردوو نـەوەی پێغەمبـەر (د.خ) حەسـەن و حوسێن کە منداڵ بـوون، لە کاتی نوێـژی باپیریـان محەمـەد (د.خ) دەچونـە سـەر ملـی پیـرۆزی و لەسـەر پشـتی یارییـان دەکـرد، پێشـەواش دڵـی نەدەهات ئازاریـان بـدات، هەڵنەدەسـتایەوە، تـا خۆیـان دەهاتنـە خـوارەوە. دوای نوێژەکـەش هەردوکیانـی لـە باوەشـی تونـد دەکـرد و دەیفەرمـو (ئـەوەی منـی خـۆش دەوێ با ئـەو دوانەشـی خۆشبوێ). شـاهۆ گیـان، تۆ لە مـاڵ نەبـووی کە باوکم ئـەم باسـەی بـۆ گێڕامـەوە. شـاهۆ گوتـی: ئـەم کارەی پێغەمبـەر (د.خ) زۆر گـەورە و ناوازەیـە، نیشـانەی میهـر و سـۆزی زۆر و هەسـتێکی پیـرۆزە.

شـیرین: ئـەو هەڵوێسـتەی پێغەمبـەر (د.خ) وانەیەکـی گرنگـە بـۆ سـەرجەم گـەورەکان کەتـورە نەبـن لـە بچوکـەکان و هەوڵبـدەن بۆیـان وەك دایبـاب و مـام و خـاڵ بـن.

شاهۆ: بێگومان وایە. ئێمەش لەماڵەوە کاری وا ناکەین گەورەکانمان بێزار بکەین هەروەها لە قوتابخانەش دڵی مامۆستایان و کارمەندان ئازار نادەین. ڕێز لە یاساکانی قوتابخانەش دەگرین.

شیرین گوتی: ئەزانی ئەگەر وابین لە ماڵیشەوە لای دایباب و گەورەکانی دیکە خۆشەویستتر دەبین.

شاهۆ: هیوادارم هەمو پێکەوە بەخۆشی بژین.

## چەند پرسیارێك:

ئـ - شیرین چی لە باوکی بیستبوو؟

| ب- ئەم دو ڕستەی لای ڕاست بگەیەنە بە دێڕی گونجاو لە بەرامبەریاندا | |
| --- | --- |
| کاتێك پێغەمبەر (د.خ) دەچوە سوژدە | لە باوەشی دایدەنان. |
| کە لە نوێژ دەبۆوە | حەسەن و حوسێن دەچونە سەر ملی و پشتی. |

پ- سۆزی پێغەمبەر بەرانبەر منداڵان چۆن مەزەندە دەکەن؟

ت- کەسێکی دیکەت دیوە میهرەبان بوبێت بەرانبەر منداڵان ؟ چۆن دەیسەلمێنی؟

ج- ئەو کەسەی منداڵی خۆی لە ئامێز نەگرێ و نەیلاوێنێتەوە، کارێکی باش دەکات؟



# وانەی یازدەیەم

## نەرمو نیانی پێغەمبەر (د.خ)



لە سەردانێکی کتێبخانەی گشتیدا هەریەك لە زانا و توانا کتێبێکی دەربارەی ژیاننامەی پێغەمبەر (د.خ) وەرگرت و ئەم وتوێژەیان دەربارەی کرد:

زانا: چیرۆکی ئەو دەشتەکییەی چوە ناو مزگەوتی پێغەمبەر و کاردانەوەی بە ئارامییەکەی پێغەمبەر (د.خ) بەرانبەری، زۆر سەرنجی ڕاکێشاوم.

توانا زۆر بەپەلە: ئەو چیرۆکە چییە ؟ بۆم باس بکە.

زانا گوتی: ڕۆژێك پێغەمبەری خۆشەویست (د.خ) چوە مزگەوتەوە، عەبایەکی ئەستوری بەسەر شانەوە بوو، پیاوێکی دەشتەکی پێی بە چمکی عەباکەی دانا و ڕایکێشا بە شێوەیەك ئازار بە ملی سەروەر گەیشت، کابرا لە جیاتی داوای لێبوردنکردن داوای هەندێك پارەی لێکرد، ئەویش بە زەردەخەنەیەکەوە فەرمووی (بەشی بدەن).

توانا گوتی: ئارامگرتنی سەروەر (د.خ) لەم ڕوداوەدا لە لوتکە دابووە، ئەو پیاوە چۆن سنوری ئەدەبی بەرانبەر پێشەوا بەزاند، ئای لەو بێشەرمیە.

پاشان گوتی: زانا منیش بەسەرهاتێکی ترم سەبارەت سەروەر (د.خ) خوێندەوە

هاوشێوەی ئەو ئارامیەی بەرانبەر کەسێکی دیکەی نەزان. زانا بە پەرۆشەوە، ئا دەی هاورێی خۆشەویستم بیگێڕەوە.
توانا: کەسێکی دەشتەکی هاتە ناو مزگەوتەکە و لە گۆشەیەکدا میزی کرد، هاوەڵان هاواریان لێکرد: نەکەی، مزگەوتەکە پیس بکەیت، پێغەمبەر کە زانی پیاوەکە نە شارەزایە و زۆری بۆ هاتووە، فەرمووی: پێی مەبڕن، با لێبێتەوە، پاشان، فەرمووی: ئاو بە شوێنەکەیدا بکەن پاك دەبێتەوە. بە کابراشی گوت: ( بزانە، ئێرە مزگەوتە و پێویستە پاکژ ڕاگیرێ، چونکە شوێنی نوێژ و قورئان خوێندن و زیکری خودایە ) بەم ئارامیەی سەروەرمان کێشەکە کۆتایی هات و کەسەکەش وانەیەکی ئەدەبی وەرگرت.

## چەند پرسیارێك:

ئـ- زانا و توانا بۆ کوێ چوون ؟ چییان کرد؟
ب- چ بابەتێکی ناو کتێبەکە، سەرنجی زانای ڕاکێشا؟
پ- پیاوە دەشتەکییەکەی یەکەم چ هەڵەیەکی کرد؟
ت- کاردانەوەی پێغەمبەر (د.خ) بەرانبەر هەڵەکە چۆن بوو؟

## خۆم لەسەر ئارامگیری ڕادەهێنم:

ئـ- ئەگەر هاوڕێیەکم وتەی ناشیرینی پێگوتم، بە جوانی وەڵامی دەدەمەوە.
ب- ئەگەر کەسێك لە کاتی دانیشتن، یان لە ناو ئۆتۆمبێل، یاخود لە بازاڕدا بەرمکەوت و ئازارم پێگەیشت، لێی تورە نابم.
پ- ئەگەر ناسیاوێکم بەلامدا تێپەڕی و سڵاوی لێنەکردم، لێی زویر نابم.
ت- بەرانبەر ئەو قوتابییەی بە وشەی نابەجێ دێتە قسە لەگەڵم، کاردانەوەی هەڵەم نابێت.
ج- کاردانەوەی هاوشێوە نانوێنم بەرانبەر کەسێك بەرد بە شوشەی پەنجەرەکەمدا دەکێشێت.

## چالاكی

مامۆستا داوا لە قوتابییان دەكات ئەگەر كەسێكیان بەرانبەر هەڵەی یەكێكی تر ئارامی گرتووە و كاردانەوەی هاوشێوەی نەبووە، بۆ هاوڕێكانی باس بكات.



# وانەی دوازدەیەم

## دەستکراوەیی (بەخشندەیی) ناوازە



زرنگ بە بابانی برای گوت: ئەمشەو سەبارەت بەخشندەیی چیرۆکێکم خوێندەوە بابان داوای لێکرد، بۆی بگێڕێتەوە.

زرنگ: لە چیرۆکەکەدا هاتووە، عەبدولڕەحمان کوڕی عەوف فەرمودەیەکی پێغەمبەری بیستوە سەبارەت بە بەخشینی پارە، بۆیە یەکسەر هاتە لای پێغەمبەر (د.خ) پێی گوت: چوار هەزار درهەمم هەیە، وا دو هەزاری لە ڕێی خودا دەبەخشم و ئەو نیوەی تری بۆ خێزانەکەم هەڵدەگرم، پێغەمبەر (د.خ) فەرموی: ( خودا لێت وەرگرێت و بۆت زیاتر بکات، کارێکی پیرۆز دەکەیت).

بابان گوتی: منیش سەبارەت بەخشندەیی، پێشبڕکێیەکم خوێندەوە کە لەنێوان عومەری کوڕی خەتاب و ئەبوبەکری سدیقدا بووە. زرنگ: دەی بۆم بگێڕەوە.

بابان: عومەری کوڕی خەتاب دەگێڕێتەوە، جارێکیان پێغەمبەر (د.خ) فەرمانی کرد لە سامانەکەمان ببەخشین، منیش ویستم پێش ئەبوبەکر بکەوم، بۆیە نیوەی سامانی خۆم هێنایە خزمەت پێشەوا، ئەویش لێی پرسیم چەندت بۆ خێزانەکەت گلداوەتەوە، منیش گوتم ئەوەندەی کە هێناومە. پاشان ئەبوبەکر هەمو سامانەکەی هێنا، کە سەروەر لێی

پرسی، ئەی چیت بۆ منداڵەکانت داناوە گوتی خودا و پێغەمبەرەکەی.

**عومەریش گوتی:** لەمەشدا هەر ئەبوبەکرم پێشکەوت.

لێرەدا نازی خوشکیان کە گوێی گرتبوو، گوتی: منیش هەر سەبارەت دەستکراوەیی باسێکم خوێندووە، بۆتان دەگێڕمەوە، ئەوانیش گوێیان گرت، گوتی: ئەبی تەڵحە باخێکی گەورەی لە دارخورما لەنزیك مزگەوتێکی مەدینە هەبوو کە خۆشەویسترین باخە لەنێو باخەکانیدا، کاتێك بیستی ئایەتی خودای گەورە، دەفەرموێت: ( لَن تَنَالُوا۟ ٱلْبِرَّ حَتَّىٰ تُنفِقُوا۟ مِمَّا تُحِبُّونَ ) دابەزیوە، چووە خزمەت پێغەمبەر پێی گوت: وا ئەو باخە خورمایەم بەخودا بەخشی دوعام بۆ بکە خودا لێم وەرگرێ و پاشەکەوتی بکات بۆ ڕۆژی دواییم. پێغەمبەر (د.خ)فەرموی: ( **بخ ذلك مال رابح، ذلك مال رابح** ).

## ڕاهێنان

**١- پرس:**

ئـ- لە سەرەتای چیرۆکەکەوە زرنگ چی بە بابانی برای گوت؟

ب- عەبدولڕەحمان کوڕی عەوف چوار هەزار درهەمەکەی چۆن دابەشکرد.

پ- پێغەمبەری خودا (د.خ) لە بەرانبەر ئەو بەخشندەییەی عەبدولڕەحمان چی فەرمو؟

**٢- وەڵامی ڕاست لەنێوان کەوانەکاندا بەرانبەر ڕستەکان هەڵبژێرە:**

ئـ- عومەر گوتی: پێغەمبەر (د.خ) ڕۆژێك فەرمانی کرد (ببەخشین، نوێژبکەین).

ب- دیسان عومەر گوتی: منیش (نیوەی سامانەکەم -هەمو سامانەکەم) هێنا بۆ بەخشین.

پ- ئەبوبەکر (هەمو دەرامەتی-هەندێك لە دەرامەتەکەی) هێنا.

**٣- خۆم ڕادەهێنم کە:**

ئـ- گەر هاوڕێیەکم داوای پێنوسەکەمی کرد، پێنوسەکەمی دەدەمێ تا نوسینەکەی تەواودەکات.

ب- گەر لەسەفەر گەڕامەوە، دیاری دێنم بۆ هاوڕێیان و کەسوکارەکەم.

پ- ئەگەر لە جێگایەکی بچوك لەگەڵ کۆمەڵێك بووم کەس ئازار نادەم و لە خوارەوە دادەنیشم.

# وانەی سێزدەیەم

## سەعد کوڕی ئەبی وەقاس (ڕ.خ)

## نمونەی باوەڕداری بەهێز و پتەو




زانایەکی ئایینی لە کۆڕێکی مزگەوتدا بە نوێژکەرانی گوت: پلەکانی باوەڕ لە دڵی موسڵمانانادا وەك یەك نییە، کەسی وا هەیە باوەڕی لاوازە و پشتی پێ نابەسترێ لەنێوان ئەو کۆمەڵەکەدا دو گەنج دانیشتبون بە ناوی (وریا و شاباز) دوای وتەکانی مامۆستا.

وریا گوتی: بەشی یەکەم لە موسوڵمانان ئەوانەن کە لەسەر ڕێبازی هیدایەتن و بەردەوامن، هیوادارم خودا ئێمەش لەو ڕیزەدا هەژمار بکات.

شاباز گوتی: منیش جارێك لە زانایەکی ترم بیست بەسەر هاتی (سەعدی کوڕی ئەبی وەقاسی) دەگێرایەوە، کاتێك باوەڕی بە ئایینی نوێی ( ئیسلام) هێنابوو، چۆن دایکی مانی لە خواردن گرت، تا پاشگەز بێتەوە و بچێتەوە سەر بیروباوەڕی باو باپیرانی کە بت پەرستی بوو، بەسەرهاتەکەش وەك لای خوارەوە بوو:

سەعد دەڵێت: زۆر لەگەڵ دایکم باشبووم، کە باوەڕم بە ئایینی ئیسلام هێنا.

دایکم گوتی: کوڕم کارێکی خراپت کرد، دەبێ بگەڕێیتەوە سەر ئایینی باو و باپیرانت یان دەست لە خواردن هەڵدەگرم تا دەمرم و بۆ تۆش نەنگی دەبێت و ئابڕوت دەچێت.
سەعد دەڵێت: منیش پێم گوت دایە، ئەو کارە مەکە.چونکە من بە هیچ نرخێك ئامادەنیم دەست لە ئایینی ئیسلام هەڵگرم، بەڵام دایکی سەعد شەو ڕۆژێك هیچی نەخوارد و باری تەندروستی تێکچوو. سەعد دوبارە گوتی: دایە گیان وازبێنە ئەگەر هەزار گیانت هەبێ و یەك لە دوای یەك دەربچن لە جەستەت، من واز لە ئیسلام ناهێنم، بۆیە دایکی لەوە گەیشت سودی نییە، دەستی بە خواردن و خواردنەوە کردەوە.
پاشان ئەم ئایەتانە دابەزین، خودا دەفەرموێت: ( وَوَصَّيْنَا ٱلْإِنسَـٰنَ بِوَٰلِدَيْهِ حَمَلَتْهُ أُمُّهُۥ وَهْنًا عَلَىٰ وَهْنٍ وَفِصَـٰلُهُۥ فِى عَامَيْنِ أَنِ ٱشْكُرْ لِى وَلِوَٰلِدَيْكَ إِلَىَّ ٱلْمَصِيرُ (١٤) وَإِن جَـٰهَدَاكَ عَلَىٰٓ أَن تُشْرِكَ بِى مَا لَيْسَ لَكَ بِهِۦ عِلْمٌ فَلَا تُطِعْهُمَا ۖ وَصَاحِبْهُمَا فِى ٱلدُّنْيَا مَعْرُوفًا ۖ وَٱتَّبِعْ سَبِيلَ مَنْ أَنَابَ إِلَىَّ ۚ ثُمَّ إِلَىَّ مَرْجِعُكُمْ فَأُنَبِّئُكُم بِمَا كُنتُمْ تَعْمَلُونَ (١٥) ) (لقمان ١٤-١٥).

## ڕاهێنان

**١- چەند پرسیارێك دەربارەی باسەکە:**

ئـ- زاناکە سەبارەت بە چی باسی بۆ نوێژ کەر دەکرد؟

ب- ئەو دوو گەنجە کێ بوون لە نێوان نوێژ کەراندا؟

پ- وریا نزای بۆ چی کرد دوای ئامۆژگاریەکانی زاناکە؟

ت- ئەو ئایەتە کامەیە دوای مشتومڕی سەعد و دایکی هاتە خوارەوە؟

**٢- ئەم بۆشاییانەی خوارەوە بە وشەی گونجاو لە بابەتەکە، پڕبکەوە:**

ئـ- شاباز گوتی: منیش لە زانایەکم بیست بەسەرهاتی ......................... دەگێرایەوە.

ب- کاتێك دایکی بە ئیسلام بوونی سەعدی زانی بڕیاریدا .........................

پ- سەعد گوتی: دایە، خۆت ماندو مەکە، تازە من واز لە .........................

**٣- خۆم تاقی دەکەمەوە:**

ئـ- هاوکاری هاوڕێکانم دەکەم گەر بۆ کارێکی چاك کۆبوونەوە.

بـ- ئەگەر تورە بووم قسەیەك ناکەم خودام لێ تورە بکات.

# وانەی چواردەیەم

## سورەتی تەکاسور (التَّکاثُر)

بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

أَلۡهَىٰكُمُ ٱلتَّكَاثُرُ (١) حَتَّىٰ زُرۡتُمُ ٱلۡمَقَابِرَ (٢)

كَلَّا سَوۡفَ تَعۡلَمُونَ (٣) ثُمَّ كَلَّا سَوۡفَ تَعۡلَمُونَ (٤) كَلَّا لَوۡ تَعۡلَمُونَ عِلۡمَ ٱلۡيَقِينِ (٥)

لَتَرَوُنَّ ٱلۡجَحِيمَ (٦) ثُمَّ لَتَرَوُنَّهَا عَيۡنَ ٱلۡيَقِينِ (٧) ثُمَّ لَتُسۡـَٔلُنَّ يَوۡمَئِذٍ عَنِ ٱلنَّعِيمِ (٨)

### ڕاڤە

(( أَلۡهَىٰكُمُ ٱلتَّكَاثُرُ )) شانازیکردنتان بە (ماڵ و منداڵ)ی زۆر ئێوەی بەخۆیەوە خەریک کرد.

(( حَتَّىٰ زُرۡتُمُ ٱلۡمَقَابِرَ ))تا هەموتان دەچنە گۆڕستان.

(( كَلَّا سَوۡفَ تَعۡلَمُونَ )) زۆر ناخایەنێ تێدەگەن.

(( ثُمَّ كَلَّا سَوۡفَ تَعۡلَمُونَ )) جارێ تریش زۆر ناخایەنێ تێدەگەن.

(( كَلَّا لَوۡ تَعۡلَمُونَ عِلۡمَ ٱلۡيَقِينِ )) ئەگەر ڕاستەقینەتان بزانیبا.

(( لَتَرَوُنَّ ٱلۡجَحِيمَ )) ئاشکرا دۆزەختان دەدی.

(( ثُمَّ لَتَرَوُنَّهَا عَيۡنَ ٱلۡيَقِينِ )) دیسان، هەر بە ئاشکرا بەچاوی خۆتان دەبینن.

((ثُمَّ لَتُسۡـَٔلُنَّ يَوۡمَئِذٍ عَنِ ٱلنَّعِيمِ )) لە ڕۆژی زیندو بونەوەدا دەربارەی خۆشی دونیا لێتان دەپرسن.

## گفتوگۆ

- چی مرۆڤ لە پەرستشو زیکری خودا دور دەخاتەوە؟
- ئایە خودا پرسیار لە بەندەکانی دەکات لەو خۆشییانەی تێیدا بوون؟



# وانەی پازدەیەم

## ئەبو عوبەیدەی دەستپاك (ڕ.خ)




دوانەی دەستپاکی و بەهێزی، خاوەنەکەیان دەڕازێنینەوە، بە دەستپاکیەکەی هەموان دور دەبن لە زیان و ستەم  هێزەکەشی فاکتەری پاراستنی ئەو سپاردەیەیە بە هەدەر ناچێت و بە کەسیش نافەوتێت.

دایکی ڕێژوان شەویك تەماشای زنجیرەیەکی تەلەفزیۆنی دەکرد، کە دەربارەی هاوەڵێکی پێغەمبەر (د.خ) بوو بە ناوی (ئەبو عوبەیدەی جەڕاح)، بە هودای کچی گوت نزیك بەرەوە با بەسەرهاتی ئەو هاوەڵە بەڕێزەت بۆ باس بکەم.

کچەکەی هاتە پێشەوە، گوتی: دایە گیان من زۆر پەرۆشی گوێبیستی بەسەرهاتی هاوەڵانی بەڕێزی پێغەمبەرم (د.خ).

دایکی گوتی: من زۆر شاد و بەختەوەرم کە کچەکەم دەبینم لە ژیانی سەروەرمان و هاوەڵانی دەکۆڵێتەوە، تەمەنت درێژبێ کچم. جا گوێبگرە بۆ ئەم باسە گرنگە، شاندێکی کریستیانەکانی (نەجران) هاتنە لای پێغەمبەر (د.خ) ئەوەش دوای خستنە ڕوی باسێکی

چڕ و پڕی ئیسلام، پێی فەرمون، ئەوە ئیسلامە، یان وەریبگرن، یان سەرانە بدەن، ئەگەر نا خۆتان ئامادە بکەن، جەنگتان لەگەڵ دەکەین. ئەوانیش بڕیاریاندا سەرانە بدەن بەرانبەر پارێزگاریکردن لە مافەکانیان لە دەوڵەتی ئیسلامدا، بۆیە خوازیاری ناردنی هاوەڵێك بوون لەگەڵیان کە دەستپاك و بەهێزبێت و ببێتە فەرماندار لە ناویاندا کاری کۆمەڵگەکەیان ڕێکبخات. پێغەمبەر (د.خ) فەرمووی شەو سەردانم بکەن کەسێکی شیاو دیاری دەکەم لەگەڵتان بێت. دەڵێن عومەری کوڕی خەتاب زۆری پێخۆشبوو ئەو کەسە خۆی بێت کە پێغەمبەر (د.خ) هەڵی دەبژێرێت بۆ ئەو ئەرکە، بەڵام پێشەوا چاوەڕێی کرد تا ئەبو عوبەیدە هات، ئینجا پێی فەرمو: لەگەڵیان بڕۆ و دادوەری لەنێوانیاندا بکە بەشێوەیەك خودا پێی ڕازی بێت. ئەبو عوبەیدە ئەو هاوەڵە بوو کە پێغەمبەر (د.خ) دەربارەی دەیفەرمو: ( هەمو نەتەوەیەك کەسێکی ڕازگری تێدایە، ڕازگری ئەم نەتەوەش، ئەبو عوبەیدەیە).

کچەکەی گوتی: سوپاس دایە گیان. زانیارییەکی گرنگ بوو، بەم باسەت زیاتر شارەزا بووم لە ژیاننامەی هاوەڵان، بەتایبەت ئەبو عوبەیدە (ڕ.خ). بۆیە دایکی گوتی: لە ئێستا بەدواوە، بە بەردەوامی چیرۆك و ژیاننامەی هاوەڵانت بۆ دەگێڕمەوە، تا سودیان لێوەرگری و هەردولاشمان پاداشتی خودایی وەرگرین.

## ڕاهێنان

**١- پرسیار دەربارەی باسەکە:**

ئ- سپاردە و دەستپاکی لە مرۆڤدا، واتای چییە؟

ب- ئەی بەهێزی چی دەگەیەنێ؟

پ- ناوی ئەو هاوەڵە چی بوو، دایکی ڕێژوان لە زنجیرە تەلەفزیۆنەکەییدا تەماشای ژیاننامەی دەکرد.

**٢- وەڵامی ڕاست لەنێوان کەوانەکاندا دیاری بکە:**

ئ- هەمو نەتەوەیەك ڕازگرێکی هەیە، ڕازگری ئەم نەتەوەیە ( زەیدی کوڕی سابتە، ئەبو عوبەیدەی جەڕاحە).

ب- پێغەمبەر (د.خ) فەرمووی: برۆ لەگەڵیان و دادوەریان بکە لەوەدا کە (کۆکن، ناکۆکن) لەسەری.

**٣- خۆم ڕادەهێنم:**

ئـ- ئەگەر لەخۆم دڵنیا بووم لە ئەرکێکدا کە پێم دەکرێت، هەوڵی بەجێهێنانی دەدەم تا لەو ڕێیەوە خزمەتێك بە وڵاتەکەم بکەم.

ب- دەست لە کارێك وەرنادەم کە توانام بەسەریدا نەشکێ و شارەزا نەبم.

## چالاکی

لە پۆلەکەدا، مامۆستا قوتابییەکی دەستپاك و خاوەن کەسێتی بەهێز دەست نیشان دەکات، کە ڕۆڵی مرۆڤێکی ڕاژگر بگێرێت و هەڵوێست بنوێنێ لەبەرچاوی هاوڕێیانی.



# وانەی شازدەیەم

## خۆنەویستی پیاوێك لە پشتیوانان



لە بۆنەیەکی تایبەتی گردبونەوەیەکی خێزانیدا، خێزانەکەی بەختیار، دوای نانخواردن و سوپاسکردنی خودا بۆ بەخششەکانی، **بەختیار** بە باوکی گوت: ئەگەر ئێستا کەسێکی برسی بە گوزەرەکەماندا تێپەڕی دەبێ هەڵوێستمان چۆن بێ؟ مسۆگەر دەرگای لێدەکەینەوە.....

**پاشان چیرۆکی پیاوێکی لە پشتیوانان بۆ گێڕانەوە بەم شێوەیە:**

پیاوێك هاتە لای پێغەمبەر(د.خ) و پێی گوت: ئەی نێردراوی خودا، زۆرم برسییە و ماندوم. دەستبەجێ سەروەر ناردی بۆ لای خێزانەکانی ئەگەر خواردنتان لایە؟ هەمو وەڵامیان دەناردەوە کە سوێند بەخودا، جگە لە ئاو هیچ لە ماڵماندا نییە. پاشان پێغەمبەر(د.خ) ڕویکردە چەند هاوەڵێك و فەرموی کامتان دەتوانێت ئەمشەو میوانداری لەم ڕێبوارە بکات و تێری بکات؟ یەکێك لە پشتیوانان (واتە خەڵکی شاری مەدینە ) هەستا، گوتی: من ئامادەم، دەیبەمەوە ماڵی خۆم. کە گەیشتنە ماڵەوە، هاوەڵەکە لە هاوسەرەکەی پرسی، چیمان هەیە بۆ ئەم میوانە بیخوات؟ ژنەکەی گوتی: تەنها ئەوەندە هەیە

کەمێك برسییێتی منداڵەکان بشکێنێ. ئەویش گوتی: منداڵەکان بە شتێکەوە سەرقاڵ بکە، ئەگەر داوای خواردنیان کرد هەوڵبدە بیانخەوێنێ، کە میوانەکەش هاتە ژورێ چرایەکە بکوژێنەوە تا وا هەست بکات من لەگەڵی دەخۆم، بەم نەخشەیە میوانەکەیان تێرکرد بێ ئەوەی هەست بەهیچ بکات.کە بەیانی پێغەمبەرمان (د.خ) بینی، پێی فەرمو: خودای گەورە زۆری پێ خۆشبوو ئەو کارەتان نواندبوو لەگەڵ میوانەکەتان لەو کاتەدا ئەم ئایەتە هاتە خوارەوە: ( وَيُؤْثِرُونَ عَلَىٰٓ أَنفُسِهِمْ وَلَوْ كَانَ بِهِمْ خَصَاصَةٌۚ وَمَن يُوقَ شُحَّ نَفْسِهِۦ فَأُوْلَـٰٓئِكَ هُمُ ٱلْمُفْلِحُونَ ) (الحشر٩).

واتە: ئەوانە، خەڵك پێش خۆیان دەخەن، هەر چەندە خۆشیان ئاتاجن. بۆیە کورە گەورەکەی بەختیار، گوتی: بەڕاستی ئەو هاوەڵە نمونەی بەخشندەیی بەزەیی و میوانداری بوو، پلانێکی جوان و شایستەی بەکارهێنا تا میوانەکە هەست بە ڕاستی ڕوداوەکە نەکات و ئەوی پێش خۆیان خست لە تێرکردندا.

باوکیان گوتی: کۆمەڵگەی مرۆیی نمونەی لەم شێوەیەی زۆر تێدایە، لە مرۆڤی بە بەزەیی و خوداناس کە وەك مۆم دەتوێتەوە بۆ بەرژەوەندی کەسانی دیکە. شێرزاد کە کورە هەرە بچوکەکەیان بوو، گوتی: من ئامادەم هەر کاتێك هەژارێکم بینی بەشە خۆراکی بدەمێ. باوکیان زۆر شادمان بوو بە هەڵوێستی منداڵەکانی و گوتی: خودا بە سۆز و میهری خۆی چاودێریتان بکات، بە ڕاستی زۆر بە بەزەیی و دڵنەرمن.



## ڕاهێنان

**١- پرسیار دەربارەی دەقەکە:**

ئ- خێزانی بەختیار لە دەوری چی کۆ بوونەوە؟

ب- بەختیار چی بە مێشکدا هات، دوای لێبونەوەیان لە ژەمە خواردنەکە؟

پ- بەختیار چی بە منداڵەکانی گوت؟

ت- هاوەڵە یاریدەدەرەکە چۆن شەویان ڕۆژکردەوە لەگەڵ هاوسەرەکەی؟

ج- هاوەڵەکە چ کارێکی کرد، تا میوانەکە وا هەست بکات خۆشی نانی لەگەڵ دەخوات.

**٢- وەڵامی ڕاست لەنێو کەوانەکاندا بۆ ئەم ڕستانەی خوارەوە هەڵبژێرە:**

ئ- خێزانەکەی پێغەمبەر (د.خ) وتی: سوێند بەخودا (خۆراکێکی خۆشمان هەیە، هیچمان نییە جگە لە ئاو).

ب- پێغەمبەری خودا (د.خ) وەك (دەوڵەمەندێکی بێباك، هەژارێکی بە قەناعەت) دەژیا.

پ- هاوەڵە یاریدەدەرەکە بە هاوسەرەکەی گوت: چیمان هەیە ؟ گوتی هیچمان نییە جگە لە (کەمێك خواردن بۆ منداڵەکان، خواردن بۆ براکانم).

**٣- ئـ-** دوای خوێندنەوەی دەقەکە بۆم دەرکەوت کە گیانی بەخشین لە زۆر کەسدا هەیە با هەژاریش بن.

**ب-** پێم خۆشە شوێن پێی پشتیوانەکە هەڵگرم لە بەخشین و پێشخستنی خەڵك.

**پ-** لەخۆم ڕادەبینم هاوکاری نەدار بکەم و کەمتەرخەم نەبم لە بەدەمەوە چوونیان.

**٤- لەم وشانەی خوارەوە ڕستەکە ڕێکخەوە:**

میوانەکەمان، ئەگەر، چراکە، هاتە ژورەوە، بکوژێنەوە

# وانەی حەڤدەیەم

## سورەتی تین

بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

وَٱلتِّينِ وَٱلزَّيۡتُونِ (١) وَطُورِ سِينِينَ (٢) وَهَٰذَا ٱلۡبَلَدِ ٱلۡأَمِينِ (٣)

لَقَدۡ خَلَقۡنَا ٱلۡإِنسَٰنَ فِيٓ أَحۡسَنِ تَقۡوِيمٖ (٤) ثُمَّ رَدَدۡنَٰهُ أَسۡفَلَ سَٰفِلِينَ (٥)

إِلَّا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ فَلَهُمۡ أَجۡرٌ غَيۡرُ مَمۡنُونٖ (٦)

فَمَا يُكَذِّبُكَ بَعۡدُ بِٱلدِّينِ (٧) أَلَيۡسَ ٱللَّهُ بِأَحۡكَمِ ٱلۡحَٰكِمِينَ (٨)

### ڕاڤە

(( وَٱلتِّينِ وَٱلزَّيۡتُونِ )) سوێند بە هەژیر، بە زەیتونیش.

(( وَطُورِ سِينِينَ )) سوێند بە توری سینایە (ئەو چیایەی خودای گەورە لە گەڵ پێغەمبەری خۆی موسا (سەلامی خوای لێ بێت) قسەی کردو بوو بە هۆی ئەوەی ئەم شوێنە پێگە و پیرۆزییەکی هەبێت). (( وَهَٰذَا ٱلۡبَلَدِ ٱلۡأَمِينِ )) بەم باژێرەش کە ئارام و ئەمینە(مەبەست شاری مەککەیە). (( لَقَدۡ خَلَقۡنَا ٱلۡإِنسَٰنَ فِيٓ أَحۡسَنِ تَقۡوِيمٖ )) ئێمە مرۆڤمان لە ڕێکترین شێوەدا خولقاندوە.

(( ثُمَّ رَدَدۡنَٰهُ أَسۡفَلَ سَٰفِلِينَ )) پاشان گێڕاومانەتەوە بۆ پلەی هەرە ژێرەوە، ئەگەر ڕێبازی خودا نەگرێت.

---

★هەژیر: هەنجیر.

باژێر: مەبەست شاری مەککەیە.

((إِلَّا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ وَعَمِلُوا۟ ٱلصَّٰلِحَٰتِ فَلَهُمْ أَجْرٌ غَيْرُ مَمْنُونٍ )) جگە لەوانەی باوەڕدار و ئاکار چاکبوون، کە پاداشیان دوایی نایێ.

(( فَمَا يُكَذِّبُكَ بَعْدُ بِٱلدِّينِ )) ئەی مرۆڤ چی تۆی دەسخەڕۆ کردووە کە ڕۆژی دوایيت پێ درۆیە؟

(( أَلَيْسَ ٱللَّهُ بِأَحْكَمِ ٱلْحَٰكِمِينَ )) ئاخۆ خودا دادگەرترین فەرمانڕەوا نییە؟

## گفتوگۆ

- بۆچی خودا سوێند بە (التین و الزیتون) دەخودات؟
- بۆچی پێگەی چیای (تور) لە نێو خەڵکیدا بەرز و پیرۆزە.



# ناوەرۆك


| وانە | بابەت | لاپەڕە |
| --- | --- | --- |
| | پێشەکی | ٣ |
| وەرزی یەکەم | | |
| وانەی یەکەم | لە ناوە پیرۆزەکانی خودای گەورە | ٧ |
| وانەی دووەم | پشت بەستن بە خودا | ٨ |
| وانەی سێیەم | سورەتی ئەلمەسەد (المسد) | ١١ |
| وانەی چوارەم | هاندان بۆ فێربوون | ١٣ |
| وانەی پێنجەم | کردەوەی چاکە و پاداشتی | ١٦ |
| وانەی شەشەم | ڕەوشتی پەسند | ١٨ |
| وانەی حەوتەم | ئاین واتە ئامۆژگاری و بەدەنگەوە چوون | ٢٠ |
| وانەی هەشتەم | ئادابی سڵاوکردن | ٢٣ |
| وانەی نۆیەم | سورەتی هومەزە (الهمزە) | ٢٥ |
| وەرزی دووەم | | |
| وانەی دەیەم | میهرەبانی پێغەمبەر (د.خ) | ٢٩ |
| وانەی یازدەیەم | نەرم و نیانی پێغەمبەر (د.خ) | ٣١ |
| وانەی دوازدەیەم | بەخشندەیی | ٣٤ |
| وانەی سێزدەیەم | سەعدی کوڕی ئەبی وەقاس (ڕ.خ) | ٣٦ |
| وانەی چواردەیەم | سوڕەتی تەکاسور (التكاثر) | ٣٨ |
| وانەی پازدەیەم | ئەبو عوبەیدەی دەستپاك (ڕ.خ) | ٤٠ |
| وانەی شازدەیەم | خۆنەویستی پیاوێك لە پشتیوانان | ٤٣ |
| وانەی حەڤدەیەم | سورەتی (تین) | ٤٦ |
| | ناوەرۆك | ٤٨ |